**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمووارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٢٠٢٣/٣/١ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە**
**لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨**

**ماددەی (١):**

دەقی ماددەی (چل و دووەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت، وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

**یەکەم:** لەگەڵ پێشێل نەکردنی هەرسزایەکی توندتر کە لە یاسای دیکەدا دەقنووسکرابێت، هەرکەسێک سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە یان ئەو پەیڕەو یان ڕێنماییانەی بەپێی ئەم یاسایە دەردەچن، بکات، بە بەندکردن بۆماوەیەک کە لە (١) یەک مانگ کەمتر نەبێت یان بە پێبژاردنێك کە لە (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار کەمترنەبێت ولە (٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دووسەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بە هەردووکیان، سزا دەدرێت.

**دووەم:** ئەو سزایەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا دەقنوسکراوە، لەکاتی دووبارە گەڕانەوە بۆ تاوان، دەبێتە دووهێندە.

**سێیەم:** سەرۆکی دەستە یان ئەوەی ڕایدەسپێرێت لە بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاکان وئیدارە سەربەخۆکان، ئەوانەی سەرپێچیەکەی تێیاندا ڕوویداوە، دەتوانێت هەر پێبژاردنێکی دەقنوسکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بسەپێنێت بەو مەرجەی لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**ماددەی (٢)**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٣)**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٤)**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لەبەر ئەو پێشهاتانەی لە دوای دەرچوونی یاساکە لە ساڵی ٢٠٠٨ هاتووەتە ئاراوە، و بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەو سزایانەی لە یاساکەدا هاتوون بەو شێوەی دەبێتە مایەی پابەندبوون بەحوکمەکانی، ئەم یاسایە دەرچووێندرا .

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٢/٤/٣**